زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی فەلسەفە - قۆناغی چوارەم

فەلەسەفەی زانست

2021 - 2020

مامۆستای بابەت: بەختیار کەریم

**فەلسەفەی زانست**

یەکێکە لە لقەکانی فەلسەفە کە پەیوەندیی بە بوارەکانی دەرەوەی فەلسەفەوە هەیە. بەگشتی فەیلەسوف و زانستکاران کۆک نین لەسەر سروشتی فەلسەفەی زانست. تەنانەت ئەوانەش کە بەخۆیان دەڵێن فەیلەسوفی زانست کۆک نین لەسەر بابەتەکانی ئەم بوارە تایبەتمەندە.

بۆ نموونە گفتوگۆیەکی بەناوبانگ هەیە لەنێوان (ستیڤن تولْمین) و (ئێرنست ناگڵ) لەسەر ئەوەی ئایا:

پێویستە فەلسەفەی زانست بریتی بێت لە توێژینەوە لە دۆزینەوە زانستییەکان.

یان توێژینەوە و لێکدانەوەی چەمکەکانی لۆجیک (یان فەلسەفە بەگشتی).

واتا هەندێک بۆچوون هەیە کە دەڵێن پێویستە فەلسەفەی زانست وەک بوارێکی زانست بخوێنرێت و بەپێی کەرەستە و میتۆدەکانی زانست کاربکات نەک فەلسەفە.
بەپێچەوانەشەوە هەندێک بۆچوون دەڵێن پێویستە فەلسەفەی زانست وەک بوارێکی فەلسەفە بخوێنرێت.
ئاراستەی سێیەم و دروست دەڵێت کە پێویستە فەلسەفەی زانست هاوبەش بێت لەنێوان فەلسەفە و زانست.

بۆ تێگەیشتنی وردتری مێژوویی، دەتوانین **چوار روانگەی** جیاواز باس بکەین لەسەر فەلسەفەی زانست.

**روانگەی یەکەم:**

فەلسەفەی زانست بریتییە لە هاوکێشەسازیی ئەو جیهانبینیانەی کە تەبان و لەسەر بنەمای تیۆرە زانستییە گرنگەکان بونیاتنراون. بەپێی ئەم روانگەیە ئەرکی فەیلەسوفی زانست بریتییە لە تێڕامان و لێکدانەوەی کاریگەرییە بەرفراوانەکانی زانست.

ڕوانگەی یەکەم (درێژە):
بۆ نموونە (ئەلفرێد نۆرس وایتهێد) ( Alfred North Whitehead) پێیوایە کە پاش پێشکەوتنە تازەکانی فیزیا، پێویستە کاتیگۆرییەکانی وەک "جەوهەر" (substance) و "سیفەت" (attribute) بگۆڕین بە "پرۆسە" (process) و "کاریگەریی" (influence).

روانگەی یەکەم (درێژە):
ئەمە نیشانی دەدات کە ناکرێت زانست و فەلسەفە وەک دوو بواری لێکدابڕاو سەیربکرێن. چونکە کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێت و پێویستە بەپێی پێشکەوتن و دۆزینەوەکانی یەکێکیان چەمک و تێگەیشتن و کاتیگۆرییەکانی بوارەکەی تر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بەپێی پێویست بگۆڕێن.

## روانگەی دووەم:

فەلسەفەی زانست پێکهاتەیەکە لە پێشگریمانە و پێشمەرجەکانی زانستکاران. بۆ نموونە فەیلەسوفی زانست لەوانەیە ئاماژە بکات بۆ ئەوەی کە زانستکاران پێشگریمانەی ئەوە دەکەن کە لە سروشتدا رێسا هەیە و ئێمە دەتوانین لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین و تێیان بگەین.

روانگەی دووەم (درێژە):

هاوکات دەکرێت فەیلەسوفی زانست مەیلی زانستکاران دەربخات، چونکە لەوانەیە بایەخی زانستکاران جیاواز بێت: بۆ نموونە هەندێک بایەخ دەدەن بە ئامار، هەندێک بە شرۆڤەی تێلۆلۆجی و هەندێک بە شرۆڤەی میکانیکی.

## روانگەی سێیەم:

فەلسەفەی زانست ئەو بوار (discipline)ەیە کە تێیدا چەمک و تیۆرەکانی زانست شرۆڤە دەکرێن و روون دەکرێنەوە.
ئەمە تەنها بریتی نییە لە باسی تیۆرە سەرنجڕاکێش و بەربڵاوەکان، بەڵکو زیاتر شرۆڤەکردنی واتای چەمکەکانە بەپێی بەکارهێنانە زانستییەکانیان: بۆ نموونە بەپێی بەکارهێنانە زانستییەکان واتای ئەم چەمکانە چییە: ماددە، شەپۆل، ئاڵۆزیی، رێژەیی؟

## ڕوانگەی سێیەم (درێژە):

بەڵام وەک (گیلبێرت ڕایڵ) (Gilbert Ryle) دەڵێت: لەم ڕوانگەیەدا خۆسەپاندن و خۆدەرخستنێکی فەلسەفیی هەیە، وەک بڵێی زانستکاران پێویستیان بە فەیلەسوفەکانی زانست هەبێت بۆ شرۆڤەکردنی واتای چەمکە زانستییەکانی خۆیان.

روانگەی سێیەم (درێژە):
(گیڵبێرت رایڵ) (Gilbert Ryle) دەڵێت:
**<u>پێدەچێت بۆ ئەمە دوو ئەگەر هەبێت:</u>**
یەکەم زانستکاران لەو چەمکانە تێدەگەن کە بەکاریان دەهێنن، لەم دۆخەدا هیچ شرۆڤەکردنێکیان پێویست نییە.
دووەم لەو چەمکانە تێناگەن، بۆ ئەمەش پێویستە بەدواداچوون بکەن بۆ پەیوەندیی ئەم چەمکانە لەگەڵ چەمکی تر و لەگەڵ رێگەکانی پێوانەسازیی.
ئەم بەدواداچوونەش چالاکییەکی ئاسایی زانستییە.

## روانگەی چوارەم

**ئەم روانگەیە زیاتر کۆدەنگیی لەسەرە و پێیوایە کە فەلسەفەی زانست هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:**

1. تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی زانستیی چین؟
2. چی توێژینەوەی زانستیی لە لێکۆڵینەوەی ئاسایی جیادەکاتەوە؟
3. پێویستە زانستکاران پابەندبن بە چ رێکارێکەوە لەکاتی توێژینەوە لە سروشت و دیاردەکان؟

## روانگەی چوارەم (درێژە)

4. مەرجەکانی شرۆڤەی زانستیی دروست چییە؟
5. پێگەی عەقڵیی رێسا و پرنسیپە زانستییەکان چین؟
6. جیاوازی چییە لەنێوان زانستکاریی و بیرکردنەوە لە زانست؟

فەیلەسوفی ئەمریکی لایڵ زیندا (Lyle Zynda) دەڵێت:
فەلسەفەی زانست بەشێوەیەکی رەخنەگرانە هەوڵدەدات لۆجیکی میتۆدە زانستییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە. واتا فەیلەسوفی زانست هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە:
چ هۆکارێک هەیە بۆ بڕوابوون بەوەی میتۆد و رێکارەکانی زانستکاران گونجاو و دروستن؟

بابەت بۆ گفتوگۆ و نووسین.

شرۆڤەی زانستیی چییە؟ جیاوازی چییە لەنێوان باسکردن (Description) و شرۆڤەکردن (Explanation)دا؟

بابەت بۆ گفتوگۆ و نووسین.

زۆربەی خەڵک شرۆڤەکردنی زانستیی بەبێ شرۆڤەکردن و پاساو قبوڵ دەکەن و هەندێک کات وەک سەرچاوەیەکی بەهێز ئاماژەی پێدەدەن. بەڵام لە فەلسەفەدا هەر لە سەرەتاوە ئەو چەمکانە خراونەتە ژێرپرسیارەوە کە خەڵک بێ پاساو قبووڵیان کردوون. کەواتە جیاوازییەکی فەلسەفیی هەیە لەنێوان ئاماژەدان بەشتێک وەک شرۆڤەکردن و توانای پێناسەکردنی شرۆڤەکردن بەشێوەیەکی ورد.
واتا شرۆڤەکردنی شرۆڤەکردن.

نموونە:

«رێبەری باڵندە» چ سوودێکی زانستی هەیە بۆ بایلۆجیست؟
باسکردنی باڵندە جیاوازە لە گەڕان بۆ پێکهاتە و کاراکتەرە بایۆلۆجییەکانی باڵندە.
جیاوازی لەنێوان:
یەکەم / شوێنی نیشتەجێبوون، وەرزی کۆچ، دروستکردنی هێلانە.
دووەم / گەشە، دیاردە بۆماوەییەکان، هەڵسوکەوت.